Research Center

18-02-2021

# پەیامی ڕۆکێت و درۆنزەکان لە ئەبهاوە تا هەولێر

18-02-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** لەگەڵ دەیەم هێرشی لەسەریەکی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی "کۆمەڵی ئەنسارولڵا"ی حوسیدا بۆ سەر عەرەبستانی سعودی بەتایبەت فڕۆکەخانەی ئەبها لە باشوور، شاری هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە ئەمەریکییەکان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بوونە ئامانجی کۆمەڵێک هێرشی مووشەکی.

ياسين تەها|

لەگەڵ دەیەم هێرشی لەسەریەکی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی "کۆمەڵی ئەنساروڵڵا"ی حوسیدا بۆ سەر عەرەبستانی سعودی بەتایبەت فڕۆکەخانەی ئەبها لە باشوور، شاری هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە ئەمەریکییەکان لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان بوونە ئامانجی کۆمەڵێك هێرشی مووشەکی.
هەرچەندە گروپی "سرايا أولياء الدم" ی شیعی، هێرشەکەی سەر هەولێری کردووەتە چالاکی خۆی، گروپی "قوات ذو الفقار"یش پاڵپشتی و دەستخۆشی بۆ هێرشەکە ڕاگەیاندووە، بەڵام کۆی پەرەسەندنەکە، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەکاری ئەو نەوە نوێیانەی حەشدی وەلائی و گروپە پرۆ ئێرانییەکان، کە ماوەیەکی زۆرە موشەك و کاتیۆشیان هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیام و دەنگی ئەو بەرەیەی ناوی "موقاوەمەی ئیسلامی" یيە. ئەم بەرەیەش لەسەر نەخشە گریمانەکراوەکان وەك چەماوەیەکی هیلالی لە تارانەوە درێژ دەبێتەوە تا بەیروتی پایەتەخت لوبنان و کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، بەمدواییانەش لە بەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کۆماری یەمەنیشی چووتە سەر و ڕۆژ و هەفتە نییە هەواڵێکی چالاکیی هاوشێوەیان نەبێت.
ئەوکاتەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ (2016_2020) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەتی گوشارەکانی لە گەردنی تاران توند دەکرد، ئێرانییەکان جگە لە جووڵاندنی باڵەکانیان هیچ تەکنیکێکی کاراتریان شك نەبرد بۆ بەرپەرچدانەوە، لەسەر بنەمای "الوكيل كالأصيل"، کاتێکیش لە دەسپێکی 2020 دا بارگرژی نێوان هەردوولا گەیشتە کوشتنی ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، دۆخەکە زیاتر لەجاران ئاڵۆزتربوو چونکە جگە لە بانگەواز و گوشارە جەماوەرییەکانی تۆڵەکردنەوەی "سەرکردەکانی سەرکەوتن" هاندانی سوپای پاسداران بەو ئاراستەیە، گروپە وەلائییەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە کێبرکێ و پێشبڕکێی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە بەهۆی کوژرانی ئەو دوو سەرکردە کاریزماتیکە دروست بوو، بەپێی ئاماژە بەردەستەکانیش هەندێکجار ئەم کێبرکێ ناوخۆییەی وەلائییەکان، دەگاتە ئاستی ناکۆکی گەورە و وردە بەریەککەوتن لەسەر ئەوەی کامیان سەروکاری ئاراستەکردنی ئەوانیتر بکات یان کامیان زۆرترین پانتایی لەو بۆشاییە نوێیە پڕ بکاتەوە بەتایبەت لەنێوان سێکوچکەی بەدر و عەسایب و کەتیبەکانی حیزبوڵڵا.
نەوە نوێیەکانی حەشدی وەلائی کە "سرايا أنصار الدم" یەکێك لەوانە، زۆرجار بەرپرسیارێتیی بەئامانجکردنی بنکە و بارەگا سەربازییە هاوبەشەکانی عێراق و ئەمەریکییەکانیان دەگرنە ئەستۆ یان تەقەکردن لەو بارهەڵگرانەی کۆمەك و پێتاك بۆ هێزی هاوپەیمانان دەگوازنەوە. ئەم تەرزە گرووپانە کە سەرمەشق و دەرکەوتنیان بە "عصبة الثائرين"، "أصحاب الكهف" و "قبضة المهدي"، بوو لە 10 مانگی ڕابردوودا، مۆدێلێك و پەرەسەندنێکی نوێی کاری میلیشیایین کە سەرچاوە هەواڵگرییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە، بە لقی میلیشیا و گرووپە چەکدارە ناسراوەکانی ئێرانیان دەزانن، بەڵام ئەوە هەیە بۆ خۆبواردن لە لێپێچینەوە، ئەم ناونیشانە نوێیانە پەنایان بردووە بۆ خۆحەشاردان لەژێر ناوی نوێ و سەرنجڕاکێش و شۆکهێنەر کە سەرجەمیان ڕەگ و ڕیشەیان لە کلتووری شیعیدا هەیە یان لەدەوری بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە دەخولێنەوە. هەروەها ئەم شێوە کارکردنە لە گەڕانەوە دەچێت بۆ تەکنیکی ساڵانی بەر لە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا و دەرکەوتنی داعش (2003_ 2011) کە ئەوکاتە گروپە یاخییەکان بە "تیمەکانی مەرگ" دەناسران و بەمدواییانە دەرکەوت تێکەڵەیەك بوون لەگروپی شیعی و سوننە و لەژێر ناوەی "موقاوەمە" دا بەئاراستەی جیاجیا جموجوڵ و چالاکییان هەبووە.
پەیوەستنەبوونی ئەم گرووپانەش بە هیچ گرووپێکی ناسراوی ئاشکراوە، خۆ دەربازکردنە لە قاوغی پرۆسەی سیاسیی عێراق و تێپەڕاندنی چوارچێوەی فەرمیی دەستەی حەشدی شەعبییە، کە لە ڕووی تیۆرییەوە بەپێی یاسای (40)ی ساڵی 2016 دەبێت سەر بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بێت و بەشێك بێت لە دامەزراوە ئەمنییەکانی دەوڵەت.
"سرايا أولياء الدم" کە یەکەم چالاکی خۆی لە ئەیلولی 2020 دا لە باشووری عێراق ڕاگەیاندووە، وادیارە لەو گوتارەوە شەرعیەت وەردەگرێت کە بە خاوەنی خوێنی کوژراوەکانی حەشد؛ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس دەزانێت، "وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا"، بەڵام بۆچی لەم کاتەدا شاری هەولێری هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامی بەرەی موقاوەمە یان بۆچی ئەو کراوەتە سەرە ڕمی ئەم گەڕەی پێکدادان، ئەوەیان جێگای لێکدانەوە و گریمانەی جیاوازە، کە لەهەمووشیان زەقتر و ئامادەتر ئەو باوەڕە شیعییە زاڵەیە کە پێکهاتەی کورد زیاتر لەسنوور چوون بەدەم ئەمەریکییەکانەوە و لەگەڵ سوننەکانیش ساڵی پار بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان کرد کە تایبەت بوو بە گەلاڵەکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق لەپێش هەموویانەوە ئەمەریکییەکان، ئەم بایکۆتەش نیشانە و گومانی زۆری خستە سەر شەرعیەتی ئەو بڕیارە بەوپێیەی کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر نییە، لەلایەکیتر هەمیشە وەها باوە کە هەولێر و بنکەکانیتری هەرێمی کوردستان پەناگە و پێگەی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا دەبن ئەگەرهات و لە ناوەڕاست و باشووری عێراق تەنگەتاوکران، یان گوشاری زۆریان لێکرا چ بەیاسای پشتئەستوور بە زۆرینە بێت یان هێرشی بۆمب و موشەك، لەم میانەیەشدا قەیس خەزعەلی سەرۆکی بزوتنەوەی عەسایب، لەیەکێك لە دەرکەوتنەکانیدا بە زەقی و ئاشکرا گوزارشتی لەمەکردووە و دەڵێت "وانەزانن هەولێر پەناگەیەکی قایمە و بەدڵنیایی لەوێش پێتان دەگەین"، هەندێکیتر لەوانەش موقتەدا سەدر بەدووری نازانن

هێرشەکەی سەر هەولێر بۆ شکستپێهێنانی سەردانەکەی پاپای ڤاتیکان بێت کە بڕیارە لە مانگی ئازاردا بێتە بەغدا و نەجەف و شاری هەولێریش یەکێك لە وێستگەکانی گەشتە مێژووییەکەی دەبێت بۆ سەرزەمینی دێرینی مەسیحییەکان لە عێراقی ئور و بابل.
لەدەرەوەی ئەو هاوکێشە ناوخۆییانەش کەسەرجەمیان لە گوتاری "ڕاستڕەوی شیعیدا" دوور و نزیك ڕۆژانە ئامادەییان هەیە و بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوە و هاشتاگەکانی تویتەر و پەیجەکانی سۆشیال میدیای وەلائییەکانی پێ گەرم دەکرێت، ناکرێت بارودۆخی پەیوەندی نە شەڕ نە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئیدارەی بایدن و ئێران و دەسەڵاتدارانی تاران کاریگەریی و ئامادەییان لەم هاوکێشەیەدا نەبێت، لەو تاقیکردنەوەی توانای بەرگری و دان بەخۆداگرتنەی هەردوولادا ئێران توانا و ئاستی کاریگەریی خۆی پیشانی سەرۆکە نوێیەکەی کۆشکی سپی دەدات چونکە تا ئێستا دەستبەرداری هیچ لەو پێگە و کارتانە نەبووە کە ترەمپی سەرۆکی پێش خۆی بۆی بەجێهێشتووە لەسەپاندنی چەندین سزای جۆراوجۆری توند، هەر ئەمەش زۆرێکی خستووەتەسەر ئەو باوەڕەی کە هێرشەکانی سەر هەولێر یەکەم تاقیکردنەوەی کردەنییە بۆ ئیدارەکەی بایدن.
ئەگەر لە یەمەن ئەمەریکییەکان بەدەرهێنانی ناوی حوسییەکان لە لیستی تیرۆر و گوشارکردن لە ڕیاز بۆ گرتنەبەری ڕێگاچارەی ئاشتی لەلایەك و گفتی بەرگریکردن لە ئاسایشی ناوخۆیی سعودیە، لەهەوڵی ڕاگرتنی هێرشەکانی فڕۆکەکانی دروندابن، ئەوە نەخشەڕێگاکە لە عێراق و کوردستان ڕەنگە ئاڵۆزتر و سەختتربێت چونکە نە کورد دەتوانن دەستبەرداری ئەمەریکا ببن و نە ئەمەریکاش پانتاییەکی ئارامی وەك کوردستانی لە عێراقدا دەست دەکەوێت، ئەگەر لەسەر مانەوەی درێژخایەن لە عێراقدا مکوڕ بێت و ئەوکات جگە لە قایمکردنی ئاسایش و ڕێگاکانی خۆ پارێزی ڕەنگە دەرفەتیتری ئاگربەست لەگەڵ پەیامە ئاگرینەکانی باڵە ئێرانییە شەبەحەکاندا بەرتەسك و سنووورداربێت.